## جۆری خاوەندارێتیی یەکەی نیشتەجێ بوون

ڕیزبەندی پارێزگاکانی هەرێم لە هەبوونی خەڵکی کرێچیدا بەم شێوەیەیە: هەولێر 16.7٪، سلێمانی 11.6٪ و دهۆك 10.3٪ و کۆی گشتیی هەرێم بریتییە لە 13.1٪.

بابەتێکی تر کە لەم ڕووپێوەدا ئاماژەی پێکراوە، خاوەندارێتیی ناتەواوە، واتە ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونانەی کە بە شێوەی قستی مانگانە دراون بە خەڵك. بە پێی ئەنجامەکان، لە پارێزگای هەولێر 4.1٪ و لە سلێمانی 3.3٪ و لە دهۆك 1.5٪ خێزانەکان لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بە قست ژیان دەبەنە سەر.

هەروەها ئاستی خاوەندارێتیی تەواو لە پارێزگاکانی هەرێم بریتییە لە: هەولێر 74.7٪، سلێمانی 81.0٪ و دهۆك 81.8٪ و لەسەر ئاستی هەرێمیش 79.0٪ ە.




## جۆری یەکەی نیشتەجێ بوون

ڕیزبەندی بوونی شوقە وەکو یەکەی نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکانی هەرێم بەم شێوەیەیە: هەولێر 1.7٪، سلێمانی 1.4٪ و دهۆك 1.1٪ و کۆی گشتیی هەرێمیش بریتییە لە 1.5٪. لە شوێنەکانی تری عێراق ئەم نیشاندەرە بریتییە لە 2.7٪ . نزمیی ئاستی ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان بۆ نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون لە جۆری شوقە و هەروەها نەبوونی فەرهەنگی دروستکردنی شوقە و نیشتەجێ بوون لە شوقەکاندا دەگەڕێتەوە. بێگومان بوونی ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی نیشتەجێ بوون لە جۆری شوقە هاندانێکە بۆ ڕووکردنی خەڵك لەم جۆرە ژیانە کە یەکێکە لە نیشانەکانی بوونی سیاسەتی نوێ لە ڕووی نیشتەجێ کردنی خەڵکەوە. بێگومان ئەم جۆرە نیشتەجێ بوونە کاریگەریی زۆر ئەرێنی دەکاتە سەر حکومەت و هەروەها خودی ژیانی خەڵکیش لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزاریی باشتر و خێراتر بەوان لە لایەن حکومەتەوە.